# کۆبوونەوەیەکی نوێی نێوان تاران و واشنتۆن ”سەبارەت بە ئاگربەستی هەرێمایەتی و “ئەتۆمی

ئێران هۆشداری دەداتە ئیسرائیل: باشووری لوبنان غەززە نییە و حزبوڵڵا حەماس نییە!

**الجريدة** وەرگێڕانی پێنووس

دوای ئەوەی واشنتۆن بە کەمترین زیانەوە سەرکەوتوو بوو لە بەڕێوەبردنی گەڕی یەکەمی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆی نێوان ئیسرائیل و ئێران، سەرچاوەیەکی پلە باڵا لە ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی ئێران ئاشکرای کرد کە ئەمریکا و ئێران ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردوو لە یەکێک لە وڵاتانی کەنداو، خولی نوێی کۆبوونەوەی ناڕاستەوخۆی ئەمنییان ئەنجام داوە؛ لەو کۆبوونەوەیەدا باسیان لە ڕێگەکانی کەمکردنەوەی پەرەسەندنی بارگرژی لە ناوچەکەدا کردووە و، ئەگەری پشتیوانیکردنی تاران لە ئارامیی غەززە، لە بەرامبەر زیندووکردنەوەی ئەو ڕێککەوتنە نەنووسراوەی کە پێشتر لە نێوان تاران و واشنتۆن سەبارەت بە ڕێککەوتنی ئەتۆمی ئەنجام درابوو، باس کراوە.

ئەو سەرچاوەیە بە “ئەلجەریدە”ی ڕاگەیاندووە، کۆبوونەوەی ڕۆژی چوارشەممە تەرخان کراوە بۆ ئەوەی هەر لایەنێک داواکارییەکانی بخاتە ڕوو و هیچ ئەنجامێکی نەبووە و، هەر لایەنێک دیراسەی داواکانی ئەوی تری کردووە و لە کۆبوونەوەیەکی دیکەدا وەڵام دەداتەوە بۆ ئەوەی (ئەم کۆبوونەوانە) لە شوێنێک ئەنجام بدرێت کە دواتر ڕێککەوتنی لەسەر بکرێت، دوای ئەوەی هەردوو لایەن لەسەر پێویستیی سنووردارنەکردنی کۆبوونەوەکانیان لە یەک وڵاتدا، ڕێک کەوتن.

لایەنی ئەمریکی پێشنیاری بۆ شاندی بەشداربووی ئێران کردووە کە بگەڕێنەوە بۆ ئەو ڕێککەوتنەی پێشوو کە لە سەڵتەنەی عومان کراوە؛ ڕێککەوتنێك کە جەخت لەسەر جێبەجێکردنی مەرجەکانی ڕێککەوتنی ئەتۆمی بەبێ ڕاگەیاندنی گەڕانەوەی بۆ ئەو ڕێککەوتنە، دەکاتەوە. واتە تاران پابەند بێت بە ڕاگرتنی پیتاندنی یۆرانیۆم بە ڕێژەی زیاتر لە سەدا 3.67 و پابەندبوون بەو سنوورانەی لە ساڵی 2015دا لە ڕێککەوتنەکەدا دانراون؛ لە بەرامبەردا واشنتۆن جێبەجێکردنی هەندێک سزا بەسەر ئێراندا بەبێ هیچ ڕاگەیاندنێکی فەرمی ڕابگرێت. لەم ماوەیەشدا هەردوو لا هەوڵ دەدەن کەشوهەوایەک بخوڵقێنن بۆ دروستکردنی متمانە لە نێوان یەکتر، وەک ئامادەکارییەك بۆ گەڕانەوەی فەرمی بۆ ڕێککەوتنی ساڵی ٢٠١٥.

سەرچاوەکە ئاماژەی بەوەیش کردووە؛ لایەنی ئەمریکی داوای لە تاران کردووە گوشار بخاتە سەر هاوپەیمانەکانی بۆ ڕاگرتنی هەڵکشانی توندوتیژی، بەتایبەتی لە دەریای سوور و، پاڵپشتی لە دەستپێشخەری (فۆرمول)ەی میسری بۆ ئاگربەست لە غەززە و پرۆژەی ئاگربەستی نێوان ئیسرائیل و حزبوڵڵا لە باشووری لوبنان بکات. هەروەها سەرچاوەکە باسی لەوەیش کردووە؛ شاندی ئەمریکی داوای لە ئێران کردووە هاوکاریی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتۆمی بکات، هەروەها دەرگەی بۆ ئاوەڵا بکاتەوە کە پشکنینی هەمەلایەنەی دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ئێران بکات پێش ئەنجامدانی هەر ڕێککەوتنێکی نێوان هەردوو لا، بۆ دڵنیابوون لە ڕێژە و قەبارەی یۆرانیۆم و ئاوی قورس؛ چونکە ئێران لە کاتێکدا کە جیهان

سەرقاڵی جەنگی غەززە بوو، ڕێژەی کۆگەکردنی بەرز کردۆتەوە.

سەرچاوەکە ڕای گەیاندووە کە ئەمریکییەکان جەختیان لەوە کردۆتەوە کە گەڕانەوەی فەرمی بۆ ڕێککەوتنی ئەتۆمی، پێویستە دانوستان لەسەر چالاکییە ناوچەییەکانی ئێران و بەرنامەی مووشەکیی ئێران و دابینکردنی درۆن و مووشەک بۆ ڕووسیایشی لەگەڵدا بێت.

سەرچاوەکە هەروەها ئاماژەی بەوە کردووە؛ شاندی ئێرانی بەڕوونی ئەوەی خستۆتە ڕوو کە بۆ کەمکردنەوەی بارگرژییەکانی ناوچەکە، دەبێت واشنتۆن کۆتایی بە پشتیوانییە بێسنوورەکانی بۆ ئیسرائیل بهێنێت و، دەست بکات بە گرتنەبەری هەنگاوەکان بۆ کۆنترۆڵکردنی تەلئەبیب. ئەم سەرچاوەیە گوتیشی، ئێرانییەکان پشتگیریی خۆیان بۆ هەر یەکلاکردنەوەیەک دەربڕیوە کە جەنگی غەززە بوەستێنن، یان هەر ڕێککەوتنێک یان ڕێگەیەک بۆ چارەسەرکردنی پرسی فەڵەستین کە "ڕەزامەندیی گەلی فەڵەستین بەدەست بهێنێت"، هەروەها بۆ باشووری لوبنان. سەرچاوەکە تیشکی خستە سەر ئەوەیش کە؛ شاندەکە هۆشداریی دا لەوەی ئەگەر ئیسرائیل هەوڵی داگیرکردنی باشووری لوبنان بدات، ئێران بێدەنگ نابێت و هەموو هەوڵێک دەدات بۆ پووچەڵکردنەوەی هێرشی ئیسرائیل؛ ئەمریکییەکان و ئیسرائیلییەکان دەبێت بزانن کە پرسی باشووری لوبنان، کە حزبوڵای لێیە و هاوپەیمانی سەرەکیی تارانە، تەواو جیاوازە لە پرسی غەززە، کە لەلایەن حەماسەوە حوکم دەکرێت.

سەبارەت بە ڕێوشوێنی متمانەسازی لە دۆسیەی ئەتۆمی، سەرچاوەکە ئاماژەی بەوە دا کە تاران هیچ متمانەیەکی بە لایەنی ئەمریکی نییە و بۆیە ئەمریکییە کان دەبێت هەنگاوی یەکەم بنێن، ئەوکات تاران بە هەنگاوی دووەم بە دوای ئەواندا دەبێت و دەیشڵێت؛ شاندی ئێرانی وەڵامی داواکارییەکانی ئەمریکای دایەوە سەبارەت بە پشکنین و، وتی وڵاتەکەی ڕاپۆرتی وردی پێشکەش بە ئاژانسی وزەی ئەتۆمی کردووە سەبارەت بە دامەزراوە ئەتۆمییەکانی و، بەپێی پەیماننامەی قەدەغەکردنی بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمی، هیچ بڕگەیەک نییە کە ڕێگە بە ئاژانسەکە بدات ئەم پشکنینانە ئەنجام بدات.

**سەرچاوە:**

https://www.aljarida.com